کتێبی کوردی … نەژاد عزیز سورمێ

ئاستی ڕۆشنبیریی ، تەکنیکی چاپ ، بازاڕی بەرهەمهێنانەوە ، جوگرافیای خوێندنەوە و پێویستی ڕۆژگار

(1)

((ئینجا کێ زەوقی هەیە کتێب بخوێنێتەوە)) ئەمە قسەی گەنجێکی چاخی ئەنتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکان و ئەوەی ناوی لێنراوە (ماسمیدیا) یە ..،
هەرچەندە ناتوانین ئەم حاڵەتە وێنەیەکی گشتی بدەینێ ، بەڵام خاڵیش نییە لە ڕاستی ..
زۆر بە سادەیی وەچەی ئێستا ئەوەندەی بایەخ بەشتە لاوەکییەکان دەدا ، ئەوەندە لەڕاست شتە جەوهەرییەکان کە مانایەك بەژیان دەدەن گەرم نییە .
(کتێب) ئەو قەوارەیەی کە لە سەرەتادا قوڵ بووە و دەسنووس ، پاشان (ئینجا بە هەر هەیەك بووبێ) وردە وردە لە پێستی ئاژەڵ و داری خۆشکراو نووسراوەتەوە تا بەو حاڵەی ئێستای گەیشتووە کە بەهۆی تەکنیکی سەردەم چاپ دەکرێ ، بریتییە لەچەند لاپەڕەیەکی پێکەوە نووساو بە قەبارە و زمان و ڕووپۆشکی دیاریکراو بابەتێك یان چەند بابەتێکی تێدا دەخرێتە ڕوو بە مەبەستێکی ئەبستمی بێ وەچەی ئێستا و هێشتنەوەی لە زاکیرەی مێژوودا بێ وەچەکانی ئایندە و پێکهێنانی بزاڤی زانیاری لە پرسەی گواستنەوەیدا لە بەرەیەکەوە بێ بەرەیەکی ترو کەهکە پێکردنی مەعریفەت …
کتێب: ئاودەنگێکی دەسزی زەمانی تەنیایی ، زەمانە ئەنگوست لە چاوەکان و ڕۆژگارە غەدر لێکراوەکان .. کتێب هاوڕێ و هاودەمی ئازادی لە سەردەمی کۆیلایەتیدا لە کەش وهەوای نیگەرانی لەناخی دڵەاوکێ و هەشبینیدا ئومێد و دڵنیاییمان دەداتێ ..
تێ بڕینی دوای ئەو پەرەسەندنە تەکنەلۆژییەی هەیەکانی پێکگەیشتن ، ئەویش سایلی ڕۆژنامەگەریی نووسراو کەوتبێتە بەر هەڕەشە و مەترسی..
بڕینی ئەو چرایە گەشەی شارستانیەت لە ناو ژاوەژاوی بەسەروبەری سەردەمدا بەرەو کزبوون و کوژانەوە بچێ ؟
ئەی بۆ ئەمە هێشتا کتێبخانەیەکی لەو چەشنەمان نییە پشتی لێ بکەینەوە و ئاسوودە لێی پاڕێ کەوین.. داخێ تەکلیفمان چی دەبێ و

چۆن دەبێ ، ئەگەر لەو ئاستانەی هیواوە نزیك ببینەوە و (بە هەر ئەگەرێك هەیە) خۆری چەندین ساڵەی ئاوا بوومان سەرلەنوێ هەبێتەوە؟
ئەم پرسیارانە و زۆری دیش پێشەکی لە دەسەڵاتی خۆماڵی دەکرێ لەوەی دەچێتەوە ناو بازنەی پەروەردە و کلتووریيەوە .

(2)
دیارە ئامارێکی باوڕپێکراوی کتێبی کوردیمان لەبەر دەستدا نییە بتوانین چاکی لەئاسایی و بەرەژێرتر جیا بکەینەوە و ئاستی هۆشنبیری و مەعریفی و گرینگ وگرنگتر و گرینگترینیان دیاری بکەین ، لەوەی زیاتر کە کاتی خۆی خوالێخۆشبوو مامۆستا مستەفا نەریمان چاپی کردووە هەروەها هۆنگاوێکی ئەو کتێبانەی دوای ڕاپەڕین چاپکراون .
ئەم سەر قەڵەمە لەو ئاقارانەوە سەرچاوە دەگرێ :
پێش ڕاپەڕین کە دەوڵەتی عیراق تەواوی هۆشنبیری و کولتووری کوردی خستبووە ژێر کۆنفی گەمارۆی سانسۆرەوە بەتام دیسان لێرەو لەوێ ، بەهەر هەیەك بوو ، بەتایبەتیش بە هەوڵ و کۆششی نووسەرانی کورد و هەندێ لەو بەرپرسە کوردە حکوومەتییانەی کە ویژدانێکیان تێدا مابوو… کتێب باوەڕکرانەوە… لەو سەریشەوە خوێنەری کورد هەبوو ، جگە لەوەی ئەنگیزەی نەتەوایەتیش لەو سەردەمە دا ، ڕادەی خوێنەری لە ئاستێکی بەرزدا نیشان دەدا کەکتێبی کوردی هەمەن و بازاڕێکی گەرمی هەبوو .
ئەو کتێبانەی لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا چاپ کراون ئەگەر هۆژەبەندی بێ بکەین رەنگە 60% ی کتێبی شایان و لە جێی خۆیدا بووبن بەتایبەتیش ئەوانەی بەگشتی لەبارەی ئەدەب و کولتوور بوون ، چونکە بۆگومان ئەوەی پەیوەندار بەبیروبۆچوون و فیکر و فەلسەفە و هوشیارکردنەوەوە بە کوردی ، لە لایەك بە هۆی مەقەستی سانسۆر لە لایەکی دی بە هۆی بێ ئیمکانییەتی ماددی نووسەری کورد و لە هەمان کاتدا بەهەند نەگرتنی یا هەندێ جار پێ نەوەستانی بەم جۆرە بوارانە ئەوسا مومکین نەبوو .

(3)
پێش ڕاپەڕین کتێبی کوردی بەو ڕەنگە بوو… پاش ڕاپەڕین و سەردەمی ئازادی کە بەهەموو پێوانەیەك بەسەردەمی زێڕین دادەنرێ لە ڕووی(باوکردنەوە) ، بەتام دیسان بەداخەوە کاڵا لە قەد باڵا نەبووە و ئەوە نەبووە پێویستی هۆژگار دەیسەپێنێ ، لەگەڵ ئەوەی چەند دەزگایەکی تایبەت بە چاپ و باوکردنەوەی کتێبیش دامەزرێنران لە

بڵاوکراوەکانیاندا دەردەکەوێ پێ ناچێ بەرنامەیەکی ئەوتۆیان هەبێت یا هەبووبێت کە لەپێویستی ڕۆژگار و کتێبخانەی هەژاری کوردییەوە بەهرەگر بووبن.. بەڵکێ زیاتر بێ بەرنامەیی و نزیك و دووری لەفکانە نووسەر و فکانە دەزگای پەوە دیاربووە ، جگە لەقەڵەمڕەوی سیاسەت… هەر چەندە ڕۆی هەندێ لەو دەزگایانە نادیدەش نەبن .
ئەوەی بڵاوکراوەتەوەش لە دەزگا حزبی و حکوومیەکان بووە ، لێرەشدا کەرتی تایبەتی ئەو کاریگەرییەی پەوە دیار نەبووە ، (مەگەر لەمەودوا).

ئەو کتێبانەی دوای ڕاپەڕین چاپکراون بەگوێرەی ساڵانی حوکمڕانی بەغدا لەووی چەندایەتیەوە کەم نین ، بەڵام لە ڕووی ئەوەی کتێبخانەی کوردی چی پەویستە بۆی بکرێ ناتوانین بڵێین شتێکمان کردووە لە کەش و هەوای ڕاپەڕین و سەردەمی دەسەڵاتی نیشتمانی بوەشێتەوە ، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە تا ئێستاش کەڵێنن لە کتێبخانەی کوردی دا ، بەنموونە:
کلاسیکیایەتی جیهان لەوێنەی فیکر و فەلسەفە و ئەدەبیات و مۆزوو و ئارکیۆلۆژیا و کۆمەناسی و سایکۆلۆژیا و زانستە پەتیەکانی دیکەی لە وێنەی فیزیا و کیمیاو زیندەوەرزانی و ئەندازەو ماتماتیك و تاد ..
ئەگەر بینە سەر بازاڕیش کتێبی کوردی ئەو بازاڕە بەهەمێنەی نەبووە و نەماوە ، ئێستاشی لەگەڵدا بێ ، تەنانەت لەچاو ئەوان ڕۆژانەشدا ، سەردەمی حوکمی ئەوسای بەغدا ، کە کتێب ڕەنگە بە ئەنگیزەی نەتەوەییەوە بازاڕی پەیدا کردبوو… دیارە بازاڕیش کەم و زۆر پەیوەندی بە جوغرافیای بڵاو کردنەوە هەیە… لەوەشدا جوغرافیای بڵاوبوونەوەی کتێبی کوردی هێشتا لەچاو خێی سنوردار و پابەندی چەندین ئەگەری سیاسیشە لە هەمان کاتدا نەگەیشتووە بەو ئاستەی قازانجکی بێ سەر ئێشەی بەدواوە بێت تا وەك چەندین کاڵای تر بە قاچاخی ئەو سنوور ئەم سنوور ببەزێنێ و ڕووبەری بازاڕی فراوانتر بکا (کە ئەوە لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردووکەم و زۆر هەبووە) ئەمەش لە گرفتە لەپێشینەکانی بڵاوبوونەوەی کتێب و ڕۆژنامەی کوردییە کە ئێستاش هەر ماوە .

ئێمە لە باسی ئاستی ڕۆشتبیری کتێبی کوردیدا کە پێداویستی سەردەم سەپاندوویەتی ، گوتمان کتێبخانەی کوردی لە زۆر لایەنی گرنگی کولتووری و شارستانیەتی دنیادا هەژارە .. لێرەدا دامەزراندنی دەزگایەك بگرە چەند دەزگایەکی تایبەت بە وەرگێڕان پێویستیەکی سەردەمە، بەوەی هێشتا بزاڤی وەرگێڕان لە کولتووری کوردیدا لە

کێشی تاکەکەس تەنەپەیوە کە پێویستە بە پێی چەند دامەزراوەکی ڕێکخراو و بەرنامە بۆ داڕژراو بێت… بەتایبەتی لە ڕۆژگارکی وەك ئەمڕۆ کە تەکنەلۆژیای سەردەم هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە…
وەرگێڕانیش وەك لە تاقیکردنەوەی میللەتاندا دەرکەوتووە پردکی بە هێزو گرنگە لە پێك بەستنەوە و ئاوگێڕی کولتووری مرۆڤایەتی و هێیەکی لە پێشیشە لە پەرەپێدان و نوێکردنەوەو دەوڵەمەند کردنی خودی زمانەکەمان .
ئەمە پێویستمان بە وەرگێڕانی وا هەیە وەرگێڕان بکاتە پیشەی سەرەکی خێی ، پێویستمان بە ڕەنگڕشتنی بەرنامەیەکی تێروتەسەلی وەرگێڕان هەیە بە ناونیشانکی لەوێنەی (هەزار کتێبی وەرگێڕدراو) سەرەتای دەسپێك بێت و بایەخی تایبەتی لەووی مادی و مەعنەویەوە بە وەرگێڕ بدرێ ، ئەم ڕەوتەش ڕێی خێی وەرناگرێ ئەگەر کەرتی تایبەتی بەشداریەکی جیدی تێدا نەکا .

بەڵام کەرتی تایبەتیش لە کوردستان بەداخەوە هێشتا نەگەیشتووە بەو ئاستە فەرهەنگییەی مەسەلەی ئینتیمای نیشتمانیی پاڵی پێوەبنێ بەشداری لە پڕۆسەیەکی فەرهەنگی لەو چەشنە بکا… کەواتە دیسان ناچارین بگەڕێینەوە بۆ کەرتی گشتی کە لە حکوومەتی هەرێمدا خێی دەنوێنێ ، لەو ڕوانگەیەوە هەقە حکوومەت ڕێگاچارەیەك دابنێ ، بۆ ئەم مەبەستە کە بەشکی گرنگ و مۆژوویی لە هەستانەوە و پەرەپێدانی کولتووری نەتەوایەتیمان پێك دێنێ… دامەزراندنی دەزگای تایبەت بە وەرگێڕان بۆ کوردی ، دەزگایەکی فراوانی باوەڕپێکراو کە دەوڵەت پشتیوانییەکی جیددی بکا و بە مەسەلەیەکی بە بایەخ و ستراتیژییەوە لێی بڕوانێ .
دەزگای لەم جۆرە ڕێگە چارەیەکیش دەبێ بۆ پێکردنەوەی کەلێنەکانی کتێبخانەی کوردی ئەگەرکی کارایشە لە فەراهەم کردنی سەرچاوە و ژێدەری پێویست بۆ قوتابی و خوێندکاران و کارکی بۆ وێنەش لە پەرەسەندن و گەشەی زمانەکەمان دەکا ..
گومانی تێدا نیە ئەوەی دەزگای لەو چەشنە دابمەزرێنێ حکوومەت بۆیان کەرتی تایبەت لە دواڕۆژدا گرەو دەباتەوە ، بەوەی پشکەوتن و لەگەڵهاتنەوەی شارستانیەت بەبێ پڕۆژەیەکی بەربڵاو و هەمەلایەنی وەرگێڕان شتکە نزیك لە مەحاڵ .
لە ڕووی هونەری دەرهێنانیشەوە ، ئەگەر سەرنجی کتێبخانەی کوردی بدەین تەماشا دەکەین، هونەری دەرهێنان و تەکنیکی چاپ بەهەمان ئەو هەوراز و نشێوانەدا تێپەڕیوە ، بوارەکانی دیکەی کولتووری پێداچووە…
جارێ پشەکی چاپخانە سەبارەت بە زۆر ئەگەرەوە ، لە پشەوەشیان

دواکەوتوویی وەات بەدرەنگەوە هاتە عێراق
وەك (د. خلیل سابات) یش لە کتێبەکەیدا مژووی چاپ لە ژهەاتی عەرەب ئاماژەی پێدەدا بایەخ نەدانی داگیرکاری تورك لەوەی پەیوەندی بەکوولتوورەوە هەیە و ڕاگاگرتنی لەهاتنی هەموو هەوایەکی شارستانیەتی نوێ …
بەم پێیە کوردستانیش کە لەدواییدا بەشێکی گرنگی بە عێراقەوە لکێنرا لەو گەمارێیە کولتووریە بێبەش نەبووە ، درێژەیشی کێشا تا بەرپابوونی بزاڤە یەك بەدوای یەکەکانی کوردستان ، لە پێشەوەشیان شۆڕشی ئەیلوول… لەم هاتووچوویە و کەین و بەینەشدا ئەوەندەی ناوەرێك مەبەست بووە ئەوەندە شێوە و تەکنیکی چاپ لەکتێبی کوردیدا مەبەست نەبووە ، مەگەر هەندێ لەو کتێبانە نەبێ کەلە هەندەران لە چاپدراون ..

(4)
سەرەتای شەستەکان بێ کتێبی کوردی دەتوانین لە زێر لایەنەوە بە دەسپێکێك بژمێرین بە تایبەتیش لە ڕووی
چاپ و هونەری چاپکردنەوە… چونکە توانای چاپخانەکان هەر ئەوەندە بوو… کە سەرەتا پیتێزکردن بەدەست بوو ، چاپیش بەهێی ڕاگای پرێس کە هەم لە چاپدا لەسەرخێ بوو هەم زێر جار دەبووە هێی دڕاندنی کاغەزەکە… جگە لەوەی خڕایی هەمشتنی مەرەکەبیشی بەو ڕادەیە نەبوو بتوانرێ دەستبەجێ بخوێنرێتەوە ، یاخود لە سەریەك کەەکە بکرێ و لاپەرەکان یەکتر پیس نەکەن…
لە ڕووی دەرهێنانیشەوە کتێبی کوردی ئەگەرچی هەندێ وێنە و تایپێگرافیای بەشێوەی کۆینی تێدا بەکارهاتووە ، بەڵام دەرهێنانی هونەری تێدا خاکەاو هەروایی بووە…
بەرگیش بەهەمان شێوە ، سادە و لە ڕووی هونەرییەوە هەژار بوو ، ئەم حاڵەتە وادەوا تاوەکو سەرەتای حەفتاکان و ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئاداری 1970 .. ئەگەرچی تاك و تەرا لەم لاو لەولا لەدوادواکانی ساڵانی شەستیش هەندێ کتێب دەرچووبن لە ڕووی تەکنیکی چاپ و هونەری دەرهێنان و بەرگەوە ڕووی ئەوەیان هەبێت بێنە ناو کتێبان ، بەڵام لە 1970ەوەو پاش بڵاوبوونەوەی ئامێری چنینی لاینێ و ئەنتەرتایپ و پاشانیش پەیدابوونی چاپی ئۆفسێت، ئیتر کتێبی کوردی لە ڕووی تەکنیکی چاپەوە هاتە قۆناخێکی تر .
بەم جۆرە لەگەڵ پێشکەوتنی ڕاگاکانی چاپ کتێبی کوردیش لە ڕووی هونەری دەرهێنان و تەکنیکی چاپ پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە دی بەتایبەتیش ئەو کتێبانەی لە چاپخانەکانی بەغدا لە چاپ دەدران .
ڕاپەڕینیش وەك وەچەرخانێك بوو بێ کتێبی کوردی بە تایبەتیش لە

ووی هونەری چاپکردنەوە…
ئێستا ئەو کتێبانەی لە کوردستان لەچاپ دەدرێن هیچیان کەمتر نیە چ وەك دەرهێنان یاخود چاپ لەگەڵ ئەو کتێبانەی لە دەزگاکانی هەندەران بەنوێترین ڕێگای کۆمپیوتەری چاپ دەبن ،
تەنانەت ئێستا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هونەری دەرهێنان و چاپی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی کوردی لە کوردستان لە پێشترە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق .. ئەمەش بەگومان بەگەیە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد هەر وەختێ بواری بۆ بڕەخسێ دەستەوەستان نییە و دەتوانێ لە هەموو ڕوویەکەوە جیهانبینی خۆی هەبێ و لاسەنگیەکان ببڕێ و هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدا و لە پارسەنگی هاوکێشەکان بگات .

(5)
ئەمڕۆ کتێبی کوردی بەهۆی زۆر ئەگەران لە پێشەوەشیان بەهەند نەگرتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان کە لە دەزگاو دامەزراوە بەرپرسەکانی تایبەت بە پرسەیەکی ئاوەهاوە و کە بە ئاشکرا ماکینەی میدیایەکی قەتیس لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدای لەپێشتر گرتووە هەروەها کاڵ بوونەوەی دەوری جارانی نووسەرانی کورد لەو ڕاستەدا (بە گەڵك هۆوە کە لە مووقەڤشان ون نین) و ئامادەیی بەرفراوان و بەر بەهۆای (ئەفیونی ماسمیدیا) لە کۆمەگەیەکی دواکەوتووی بەرهەمنەهێن و بەکاربەری وەك هی ئێمە و کورتهێنانی پرسەی پەروەردە و خوێندن تا ڕادەیەکی نکۆلیلێنەکراو و بەسەروبەری بەرنامە و نەخشەکانی ، کتێبی کوردی داوەتە پاشەوە و لە قاوخێکی تاك ڕەهەندیدا گیری کردووە بەوەی ئەوەی جێی قسە و باسانە یا ژانرێکی دیاریکراوە یاخود ئەو کتێبانەن کە ڕووکەشن و لانی کەمی مەعریفە و پێویستی سەردەمیان تێدا نییە .. جوگرافیای بڵاوکردنەوەش لەو لاوە بوەستێ ، کە وای لێ هاتووە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی نووسەران کتێب بە تیراژێکی زۆر کەم (کە ئەویش گرفتێکی دیکەیە) لە حسابی خۆیان لە چاپ بدەن ، بڵاوکردنەوەیشیان لەسەر خۆیانە و تا ئێستا دەزگایەکی دابەش کردنی گشتیی (بۆ هەمووان نییە) ، کتێبخانەکانیش کە هەمیشە تەنیا مەسەلەی قازانج و زەرەریان لە پێش هەموو ئیعتوبارێکی دی داناوە (کە هەقی خۆیانە) ، بەڕام سەیرایەتییەکە لەوە دایە ئەگەر کتێبیشت لێ وەر بگرێ ،فلسی ئەحمەت ناداتەوە و هەر جارەی بە بیانوویەك بە عالەمی ئاشکرا حەقت دەخوا (نۆشی گیانیان بێ) ، هەر بۆیەشە کە ئێستا بووە بە باو نووسەران کتێبەکانیان بە خۆایی لە کۆبوونەوە و ئاهەنگان دابەش دەکەن ، ئەوانیش هەقی خۆیانە ئەدی چی بکەن و چۆنی

بگەیەنن خوێندەواران ، هەر چەندە من وەکو خۆم لایەنگیری ئەم بە
خۆایی دابەشکردنە نیم .ئا ئەمەیە حاڵی ئێستای کتێبی کوردی .. تۆ
بڵێی هەبن بیرۆکی لێ بکەنەوە و
بە هەندی بگرن و خەمۆکی لێ بخۆن ؟؟
-_____

ئاماژە

- دیارە ئەوەی لێرەدا مەبەستە کوردستانی بە عیراقەوە لکێنراوە ،
  چونکە بۆگومان هەر پارچەیەك تایبەتایەتی و مۆژوو و گرفتی خۆی لەم ووەوە هەیە .
- ئەم سەرەقەڵامانە ساڵی 2005 لە ڕۆژنامەدا باڵوکراونەتەوە .